ئۆکرانیا قوربانیی جەنگی زلهێزەکان.. ئەردۆغان ءەبدوڵڵا

هەفتەی پێشوو فلادیمیر پوتین سەرۆکی روسیا جەنگێکی گەورەی لەدژی ئۆکرانیا هەڵگیرساند، بەمەش تەواوی جیهانی تووشی دڵەڕاوکێ و نائارامی کرد. هەندێک چاودێری سیاسیی پێیان وایە کە پوتین بەم کارەی، ئاشتی جیهانی خستە مەترسییەوە، چونکە شەرعیەتی بە هەزی سەربازی داو لەمەولا دەنگی عەقڵ و ئاشتی نابیستریت و دەوڵەتە گەورەکان، وەک لاواز و بچووکەکان داگیر دەکەن. هەندێکی تریش ئەم جەنگە بە بەشێک بە لە جەنگی نێوان ئەمریکا و روسیا دادەنێن، لەمەشدا خاکی ئۆکرانیا بۆتە مەیدانی جەنگی نێوان ئەم دوو زلهێزەی جیهان و گەلی ئۆکرانیاش قوربانی دەدات. جگەلەمەش کەمێک پرسیار ڕووبەڕی جیهان بۆتەوە، لەپێش هەموشیانەوە ئایا چیتر ئەم سیستەمەی کە ئەمڕۆ جیهان بەڕێوە دەبات، دەتوانێت چارەسەری کێشە زەرەکانی مرۆڤایەتی بکات؟ بە سەدەی نوێ، سیستەمی نوێی جیهان چۆن دەبێت؟ چارەنووسی گەلان و دەوڵەتە بچووکەکان چی لێ دێت؟ پەیوەندیی نێوان زلهێزەکانی جیهان چۆن دەبێت؟ بەڵام با سەرەتا بپرسین بۆچی پوتین ئەم جەنگەی هەڵگیرساند؟

بۆچی پوتین ئەم جەنگەی هەڵگیرساند؟

زۆرێك لە چاودێرانی سیاسیی شرۆڤەی ئەم کارەی پوتینیان کردووە و بەشێکی زۆریان لەسەر ئەوە کۆکن، کە چەند خاڵێک هۆکاری سەرەکیی ئەم جەنگە بوون. یەکەمیان: کشانەوەی ئەمریکا بەوشێوە خراپەی لە ئەفغانستان، کە شکڵی ئەمریکا و ناتۆی لە تەواوی جیهاندا شکاند. دووەم: گۆڕینی ستراتیژی ئەمریکا لە ئەورووپاوە بۆ ئاسیا و دانانی چین وەکو ڕکابەری سەرەکیی ئەمریکا، چونکە پێشتر روسیا ڕکابەری سەرەکیی بوو. سێهەم: پوتین لەڕگەی ئەم جەنگەوە، پگەی جەماوەری خۆی بەهێزکرد، خۆی وەکو سەرۆکێک پێشاندا کە دەیەوێت دووبارە شکۆمەندی جاران بە روسیا بگەڕێنێتەوە و خۆنەی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی روسیای، لەناو مێشکی روسەکان زیندووو کردەوە، بەمەش ماوەی چەندین ساڵی تر دەمێنێتەوە و دەنگی نەیارانیشی هێندەی تر کپ دەکات. هەروەها دەتوانێت مەرجەکانی بەسەر ئەورووپا و ئەمریکا بسەپێنێت، سنووردێک بە فراوانکردنی سنووردکانی ناتۆ دابنێت. بەڵام خۆ تەنها پوتین و روسیا سوودمەند نەبوون بگرە ئەمریکاش سوودمەند بوو.

ئەمریکا

زۆرینەی خەڵکی بەسرەکی ئۆکرانیاشەوە لەو باوەڕەدان، کە ئەمریکا و خۆرئاوا خیانەتیان لە ئۆکرانیا کرد، ئەوان بەوون دنەی ئۆکرانییەکانیان دا کە دژی مۆسکۆ بوەستنەوە، کەچی کاتێک لەلایەن سوپای روسیاوە پەلاماردران، وەکو سەرکی ئۆکرانیا وتی: بەتەنها جێیانهێشتن جەنگی روسیا بکەین. بە بەوای زۆرێك لە چاودێرانی سیاسی، ئەمریکا سوودمەندی سەرکی بووە، ئەمەش لەبەر کەمەکی هێکار. یەکەمیان: ئەمریکا هێندەی تر روسیای کردە دوژمنی ئەوروپا و لەتەواوی جیهانیشدا روسیا وەکو هێزێکی ئیمپریالیستی و داگیرکار دەرکەوت. دووەم: بەم جەنگە دەستی کرایەوە بۆ ئەوەی سزای قورسی سیاسی و ئابووریی و فڕهەنگی زۆر بەسەر روسیادا بسەپێنێت، چونکە پێشتر هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی دوودە بوون لە سەپاندنی سزای توند بەسەر روسیادا. سێهەم: هێدەی تر ئەوروپا دەچێتە باوەشی ئەمریکاوە، چونکە بە هەموویان دەرکەوت، کە ئارامیی و ئاسایشی ئەوروپا، بەبێ ئەمریکا ناکرێت، بەمەش کۆتایی بە خەونی سوپای ئەوروپای یەکگرتوو هێنا، کە بەدەی ئەمریکا نییە. چوارەم: هێندەی تر چەکوتەقەمەنی بە وڵاتانی ئەوروپا دەفرۆشێت.

لاوازی ئەوروپا

خاڵەکی گرنگی تری ئەم جەنگە ئەوە بوو، دووبارە لاوازی وڵاتە ئەورپییەکانی پیشاندا، بەتایبەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا، ماوەی چەندین ساڵە ئەم دوو وڵاتە بەوپەڕی نەرمییەوە مامەڵە لەگەڵ روسیا و پوتیندا دەکەن، هەروەکو ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانیا لە راپەرتکیدا دەڵێت: ئەو سیاسەتە نەرمونیانەی ئەڵمانیا لەماوەی چەند ساڵی پێشوودا بەرامبەر پوتین، هەکاری ئەم جەنگە بوو. لەلایەکی ترەوە بە هەموویان دەرکەوت کە روسیا توانای سەرکەشی هەیە، ترسیشی لە سزاکانی ئەوان نییە. هەروەها دووبارە ئەوروپا ناچارکرایەوە،کە بچێتەوە ژێر دەواری ئەمریکا. هەربۆیە زەرکەس لەو باوەڕەدان، لەپاش ئۆکرانییەکان، ئەوروپییەکان زەرەرمەندی سەرکی ئەم جەنگەن.

دەرئەنجام

بەدنیایییەوە گەلی ئۆکرانیا بە پلەی یەکەم زەرەرمەندی سەرکی دەبن لە جەنگەدا، چونکە خاکی ئەوان بووە مەیدانی جەنگەکە، ئەوە خانووبەرەو گەڕەک و ژێرخانی ئابووری ئەوانە کە وێران دەبێت، منداڵ و ژن و پیاوی ئەوان دەکوژرێت و بریندار دەبێت. گەلی ئۆکرانیا بە ئازادیی خۆیان ناچار دەبن کە جەنگەکی ماوەران و درێژخایەن لەگەڵ

زلهێزەکی گەورەدا بکەن. لەهەمانکاتیشدا گەلی روسیش زیرەمەند دەبن، بەتایبەتی لەرووی ئابووریەوە، چونکە ئەوان باجی یەکەمی ئەم جەنگە دەدەن نەک دەسەڵاتداران.

لەکۆتایشدا تەواوی جیهان زیرەمەندە، چونکە ئەم جەنگە دەبێتە هاندەرێک بۆ دەوڵەتە گەورەکان، کە وەاتە لاواز و بچووکەکان داگیر بکەن، بەم شێوەیەش ئاشتی جیهان دەکەوێتە مەترسییەوە. هەتا ئێستاش دیار نییە سیستمی نوێی جیهان چۆن دەبێت، ئایا تەنها دەنگی تەپ و فۆکە دەبیستێت یاخود دەنگی وێژدان و عەقڵ و یاساکان؟

ناتۆ و ناتەوسیا.. کامل احمد

کەمەگەای بەشەری ئەمڕۆ لە نێو جەنگێکدایە. ئەم جەنگە بە هیچ شێوەیەک جەنگی تەقلیدی نێوان دوو وڵات نیە ، ئەگەر چی لە ڕووی ڕووکەشەوە وەکو جەنگی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا دەردەکەوێت و زۆربەی ژەنانی بورژوازیش دەیانەوێت ئاوها وێنای بکەن. ئەم جەنگە جەنگی نێوان دوو زلهێزی سەرمایەداری جیهانێ و شەڕی نێوان ئەمریکا و ڕوسیایە، بەتەمام مەیدانی جەنگێکە ئۆکرانیایە. ئەم جەنگە نە پەیوەندی بە مافی هاوڵاتیانی ئۆکرانیاوە هەیە و نە تەنانەت ئەو ناوچانەشی کە ڕوسیا دەیەوێت بیانکات بە دەوڵەتی پەنادەستی خۆی بە ناوی پارێزگاریکردن لە مافی نیشتەجێبووانی، بەڵکو ڕاستەوخۆ شەڕە لەسەر بردنەوەی جیهانەوە. جیهانێک کە چیتر ئەمریکا، وەک ای هەر هەوەکی، ناتوانێت هێزی یەکەم و قوڵدری جیهانبێت و بتوانێت جیهان بە تەنیا بەڕێوەبەرێت و پیادەی بکات. لەم کارەیدا شەریکی بە دروستبووە و شەریکەکانیشی نەیارەکانی دوێنێین کە بریتین لە ڕوسیا و چین. ئەم شەڕە یەکەکە لە ئاکامەکانی ئەو بارە ڕاگوزەرەی کە ئێستا جیهانی پیادەتدەپەڕێت. جیهانێک کە هێزی پشوو وەک ای هەر هەوەکی ناتوانێت ڕابەری جیهانبێت و هێزی تری لە قووتبەتەوە لە قەناغەکی ڕاگوزەردا کە سەرمایەی جیهان بەجەرەک تێکەڵاوە کە هەم شکاندنی بەرامبەر و هەم جێگرتنەوەی قورستر لە چاو سەدەی پشووداە. بەڵێ جیهان لە گۆشەنیگای بەرژوەندییە جیاوازەکانی

سەرمایەو پەوسیتی بە ئارایشتدانەو بە خەی هەیە و بە داخەو بەشەکیش لەم دووبارە دابەشبوونەو و دەستبەرکردنی بەرژەوەندیانە پەویستی بە جەنگە بە یەکلاییکردنەوەی. جەنگەک لە ەاستیدا دەمەکە بە شەوەی ئابوری و شتی بە وەکالەت دەستیپەکردووە.
ەوسیا لە دوای ساڵی ١٩٩٧ ەوە بە دوای ئەوەی کە زەرەک لە ووەاتە دراوسەکانی و بە تایبەتی ئەوانەشی کە بەشەکبوون لە خەی پەش ەووخانی دیواری بەرلین، هەمیشە نیگەرانی خەی لە بەرفراوانبوونەوەی هاوپەیمانی ناتە دەربەیە و جەگەی نیگەرانی بووە و بە مەترسی لەسەر خەی چاویلەکردووە، وە لە ەاستیشدا هەروابووە و ئەم هاوپەیمانیەش بە ەابەری ئەمریکا هەمیشە یەکەک لە ئامانجەکانی ئابەوقەدانی ەوسیا بووە بە هەزەکانی و خودی دامەزراندنیشی هەر بە ئەو مەبەستە بووە بە ئەوەی هەرکاتەک بیانەوەت و بتوانن دەستیان ئاوااببەت بە تەدەخولی سەربازی.
هاوکات بە دوای ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و بەننامەی مینسک دا و هەودانی هاوپەیمانی ناتە بە ئەوەی بتوانەت ئەکرانیا لە خە بگرەت ەوسیای لەبەرامبەر هەشەیەکی گەورەتردا ەاگرتووە کە وای لە ورچە سپی یەکە کردووە بەخەبەربەتەوە. ەوسیا بە ئاشکرا دەزانەت کە ئەمریکا و ئەوروپا ناکەکن، وەەای ئەوەی کە لە ئەستادا وا دەردەکەوەت کە کەکبەن، بەەام خەری ئەم کەکبوونە دەمەکە ئاوابووە و زەرەک لە ووەاتەکانی ئەوروپا و بە تایبەتی فەرەنسا و ئەەمانیا هەمیشە لە مەلەقەییدا ژیاون و هەوەی ئەوەیان داوە کە ئەوەندەی بەیانبکرەت بای باەی خەیانبدەن و لەژەرکەفی تەواوی ئەمریکادا نەبن. ئەم وەەای قووتبوونەو و گەشەکردنی چەندین هەزی ناوچەییو تر وچەندین کەشەی تر. لە ەاستیدا ئەم شەە نزیک بە دوو دەیەیە لەژەر ناوی دانانی ئابەوقەی ئابوری و لەدان لە بەرژەوەندییە ئابوریەکانی یەکترد ستیپەکردووە و ەەژ دوای رەژیش بواری بەردەم ەوسیای تەسکترکرەتەوە، هەر بەیە کاتەک کە شەەی بەرسە و پشکەکاکن و بانکەکان بە بنبەست دەگات و ناتوانەت ەیگاچارە خوازراوەکەبەت، ئەوا شەەی مەیدانی و جیەسیاسی دەتە پشەوە بە بەدەستهەنانەوەی ئەو پشک و سەروەریە ئابوریانە، سەرمایەداری جەنگ دەکات و دەیەوەەت لە دوای جەنگ لە بەروبووماکەی بخوات. ئەم جەنگە ەاستەوخە جەنگی بەرسەو سەرمایەیە و چ لایەنکیش هەزی زیاتربەت سەرمایەکەی زیاتردەبەت. هەر بە پەی ئەم هاوکەشەیەش کە بەرسەکان و بەرژەوەندییە بازرگانی و سەرمایەدارییەکان جیهانین و هەموو شتەک جیهانی یە، هەر بەیە ئەم شەەش جیهانی یەو تەنها وەکو پەشتریش ووتمان مەیدانەکەی ئەکرانیایە. ەوسیا و پەتین داوای بەشی زیاتردەکەن و ئەوانیش نایدەن و بەربەستی بە دروستدەکەن، بەیە بە

شێ ساغدەکرێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ لە مەیدانی شەڕدا بۆ ئاشکرا دەبینین گەواهی لەسەر ئەم دەدات و بۆ ئاشکرا و ڕوونی هەموو ڕۆژێک لە میدیاکانی خودی بورژوازییەوە گوێبیستی دەبین کە چۆن ئەم دوو بلۆکە بورژوازییە جیهانییە خەریکی ساغکردنەوەی ناکۆکیەکانی خۆیان لە شوێنکەدا کە ناوی ئۆکرانیایە، هەر لە بلۆککردن و ئابڵوقەی ئابووری یەوە بگرە تا دەگاتە نوردستریم و ناردنی چەک و تەقەمنی بۆ ئۆکرانیا. تەنانەت بارەکە بۆ شوێنێک گەیشتووە کە بورژوازی جیهانی چۆن لە ئەفغانستان و عێراق و ووڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی دا خەریکی دروستکردنی مورتەزەق بوون، هەر وا لە ناو دڵی ئەوروپاش دا خەریکن ئەم جارە لە سیاسەت بەدوورن لە ژێر ناوی جەنگاوەری خۆبەخش وبەرگریکار لە ئەوروپا و ئۆکرانیا و بۆ شەرمانەش سەرکی ووڵاتەکان یان بانگەشەی بۆ دەکەن یان ئامادەندی لەسەر دەدەن و دیارە جەنگێک کە هیچ پەیوەندییەکی نە بە ئەوروپی بوون و ئۆکرانی بوونەوە هەیە، بۆ خزمەتکردنن و بە بووکەڵە جوانەکەی دیموکراسی فرەسکبەژن و خزمەتکەرە قوربانی. ئەم شەڕە تەنانەت بە واتا سووارەکەشی هیچ پەیوەندییەکی بەو بەها سووارانەوە نییە و شەڕە لەسەر پێگەی دوو ڕەقیب و زلهێزی جیهانی کە دیارە زۆرترین بەشیان لە سەرمایەی جیهاندا هەبەت بە تایبەتی کە ئەم کەبەرکێیانەیان لە چوارچێوەی دانوستان و ڕێکەوتن دا بە ناچێتە پیش، ئەو کات شەڕە بۆ تاکە گریمانە دەمێنێتەوە بۆ ئەم یەکلاییکردنەوەیە.

مەیدانی جەنگێک کە ئۆکرانیایە، هیچ پەیوەندییەکی بە خزمەکی ئۆکرانیاوە نییە و ئەوە تەنها وەک مەیدانێکی ڕووبووەوەکە هەڵبژێردراوە یان ناچاربوون هەڵیبژێرن. ئەم جەنگە جەنگی نێوان "ئەمریکای دیموکراسی" و "ڕوسیای دیکتاتۆری" نییە، بەڵکو لەڕاستیدا جەنگی نێوان دوو سەرمایەی جیاوازە بۆ پشتبەستن بە ئایدەلۆژی درزانە و هەر بۆیە هەوڵستوڕگرتن لەبەرامبەر جەنگیشدا ئاگەر دژ بەم دوو جەمسەرە و هاوپەیمانەکانیان نابێت نە مانایەکی دەبێت و نە دەتوانێت سیاسەتێکی دروست بێت. وە ئاگەر هەر کەس و هێز و لایەنێکیش بە یاسا و ڕەسەنایەتی جەنگی ئەم دوو زلهێزە ووشیارنەبێت، ئەوا زۆر ئاسان دەکەوێتە بەری یەکێکیانەوە یان دەبێت بە پارێزگاریکەر لە "ئەمریکا و خۆرئاوای دیموکراتی" و دژێتە سەنگەری خزمەکی ئۆکرانیاوە و تەنانەت وەک دەوڵەتێکی ڕەسەنایەتیشیان بانگەوازی هەڵگرتنی چەک دەکات بۆ پارێزگاریکردن لە "ئۆکرانیا" و تەنانەت بەرزکردنەوەی ئاڵای ئۆکرانیاش تا بەو دەگەڕێتەوە کە هاوڕای وەزیر و گوزیرەکانی ئەوروپا بچێت لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداربێت و چەپڵە بۆ ناتۆ و ئەمریکا لەبەدات و

هاوپشتی خەڵکی ئۆکرانیا" نیشانبدات دژ بە "وسیای دیکتاتۆر" و یان دەبێت بچێت پشتگیری لە "وسیای دیکتاتۆر" بکات و فرمێسکە تیمساحاویيەکانی پوتین قبوڵبکات کە سەبارەت بە خەڵکی ئۆو ناوچە جەناکەکانە دەیڕژێت و دەیووت "سەروەریيان" بە بگەڕێتەوە!.

لەم جەنگەدا پڕۆلیتاریای ڕوسی و ئۆکرانی وجیهانی زەرەمەند دەبن. ئەوەتا لەو ڕۆژەوەی کە جەنگ دەستپێکردووە، نرخی هەموو کولوپەل و خەراک و پێداویستیەکان و سووتەمەنی و هتد لە بازاڕەکانی جیهاندا زیادیانکردووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توانایی کڕینی ئەم چینە بە ئەم پێداویستیانە دێتە خوارەوە و باری شانی قورستردەبێت. دەبێت ئەوشمان لە یادبێت ئەم جەنگە چۆن بە بورژوازی و هێزەکانی جیهانییە و گەڕاڕە ئاوهاشە بە پڕۆلیتاریا، بەڵێ ناتوانرێت لە چوارچێوەی ئاسە و ئایندەیەکی "نەتەوەیی" کە خەی هیچ جێگایەکی نییە لەم هاوکێشانەدا لەکبەدرێتەوە. وەستانەوە بە دژی جەنگیش تەنها و تەنها کاتێک مانا پەیدا دەکات کە پڕۆلیتاریا توانیبێتی بە دژی ئەم زلهێزانە لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا هێزی خەی نمایش بکات و ڕیزی خەی لە ڕیزی ئەم جانبازانەی سەرمایەداری و دەسەڵاتە گەندەڵی و ناوخۆییەکانی جیابکاتەوە. ئەگەر نا هەر جۆرە هەوڵستگرتنێکی تر بە بە خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریا بە ڕیزی سەربەخەی چیانیەتی خۆیەوە، دەبێتە ئاو و دەژێتە ئاشی یەکێک لە لایەنەکانی ئەم کێشمەکێشەوە. هەر بۆیە جەنگ و ماڵوێرانی و بەمبارانکردنی شوێنی کار و ژیانی خەڵک بە گشتی جێگای ئیدانەکردنە لە لایەن هەر هێزێکەوە بێت، بەتام ئەگەر ئەم جەنگانە بە ڕیزی پڕۆلیتاریای یەکگرتوو قەپنەکرێتەوە بەسەر لایەنەکانی جەنگدا، ئەوا لە هەوڵست دەربڕینێکی بە کاریگەر زیاتر نابێت چونکە ئیدانەکردنیش ئەگەر بتوانێت مانایەکی هەبێت تەنها لەنەو ئەم هاوکێشە چینایەتیەدا ماناپەیدادەکات. ئیدانەکردن دەبێت "نا" یەکی گەورەی چینایەتی و یەکگرتوو بێت دژ بە هەموو لایەنەکانی ئەم جەنگە بە ئەمریکا و ناتۆ و ڕوسیاشەوە، وە هەر ئەمەش دروشمی ئەنتەرناسیونالیستی پڕۆلیتاریای هەشیارە.

کامل احمد
01.03.2022
kamil.ahmed.f@gmail.com

ئۆکراین لەژێرپێی میلیتاریزم و ئیمپریالیگارشی ترانسناشنالی ڕۆژئاوا و ناتۆ.. ئاسو کمال

کاتێک ویژدان زیندووی هەر مرۆڤێک قسەکانی پوتین و جۆ بایدن دەبیستێ دەزانێ سەدەی ٢١ گەشتەتە ئاستێک. زمانی شێوە و ئاتەم لە نێوان ئەم ملیاردێرانەی جیهانیان کردەتە بازاڕی پشبڕکێی دۆلار و ڕۆبل زێر بە شەرمانە سەرتاپای میدیای جیهانی سەرمایەداری داگرتوە. گیانی هەزاران ئۆکرانی چوەتە پاڵ دۆیان و سەدان هەزار قوربانی تر کە هەر لەم سەدەی ٢١ دنیای دیموکراسی و بازاڕی ئازادی سەرمایەدا لە گۆشە و کەناری جیهان بونەتە قوربانی و تازە ئەمەش سەرەتای قوربانی بونی مرۆڤایەتیە.
ئۆکراین شوێنی خاڵی بونەوەی گرێی نەزمی نوێی ئەمریکایە کە لە ڕۆگای ناتۆوە حکومەتی ئەمریکی دۆیوە بەهەر قیمەتێکە نەزمی یەک قوتبی ڕابگرێ. بەڵام ئەمریکا لە دنیایەکی ترانس ناشنالی سەرمایەدا ناتوانێ ڕەقیبە سەربازیەکانی وەک پوتین بە ئاسانی لابدا چونکە بورژوازی ڕوسیا لەناو تۆی جیهانی سەرمایەدا بەشێکی جیانەکراوە لەو چینە ترانسناشنالەی سەرمایەیە کە لە بانک و پیشەسازی و بازرگانی و پەیوەندیەکاندا ئاڵەسکاوە.
حکومەتی پەناپارتی پوتین نمونەیەک لە حکومەتی سەرمایەیە کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا چینێکی سەدان ملیاردێری لە ڕوسیادا دروستکردوە کە هەمویان هاوکاری ملیاردێرەکانی ئەمریکا و چین و ئەورووپان و هەرچەند حکومەتەکانیان شێوەی سیاسی و سەربازیشیان هەبێت لە کۆتاییدا پێویستیان بە دابەشکردنەوە و سەرلەنوێ سازکردنەوەی ئەم بازاڕە جیهانیەیە.
ئایا شێوەی ئۆکراین چۆن ناکۆکی نێوان ئەم چینە ترانسناشنالە و دەسەڵاتی سەربازی دەوڵەتی نێتۆیی و پەیمانی سەربازی ناتۆی ڕۆژئاوا یەکلایی دەکاتەوە؟ ئەمە هەشتا دیار نیە. بەڵام نیگەرانی لەم ئایندەیە لە ئێستادا لەوپەڕیدایە، چونکە سەرمایەداری جیهانی لە ڕۆگەی ئەم دەسەڵات و دەوڵەتە سەربازیانەوە پرۆسەی کۆنترۆل کردنی بازاڕ و سەرمایە و دابەشکردنەوەی داهات دەکا و ئەمەش

پەویستی بە بەکارهێنانی هێز و پاوانکردنی زۆرملێ یە و هەرکام لەم حکومەتە بورژوایانە و قسەکانی پوتین و بایدن و سەرانی ناتۆ نیشانی دەدەن کە ئەم قسابانەی مرۆڤایەتی خەریکی تیژکردنەوەی چەقۆکانیانن.
چینی کرێکار و کەمینەگەی مرۆڤایەتی لە دوای ٢ شەڕی جیهانی ئێستا لەبەردەم دەورەیەکی نوێی بەربەریەتی سەرمایەداری ڕاژەهەڵات و ڕۆژئاوادایە و هەرجۆرە خۆشباوەڕیەک بەهەر کام لە بەرەکانی ئەم شەڕە بەرەو دوبارەبونەوە و چەند قات بونەوەی کارەساتی جەنگی جیهانیەکانی ڕابردومان دەبات. هەربۆیە کۆتایی هێنان بەم شەڕانە خواستی فەوری ئەمڕۆ و خەبات بۆ ئایندەیەکی دوور لەسەرمایەداری تەنیا ڕێگای دەربازکردنی مرۆڤایەتیە لە دەست کارەساتەکانی شەڕی ئیمپریالیستی ئێستا.

ئاسو کمال

نەخێر شەڕ کۆتایی نەهاتووە.. ڕەسوا بەختیار

کورتەچیرۆک

چەند خولەکێکە ئیمەکەم بە هاتووە، داوا دەکات پشتگیری لەگەلی ئەکراین بکەم، چەند ڕۆژێک پێش ئێستاش، بەهەمان شێوە، ئەمەکەم بە هات داوا دەکات واژووی داواکاری گەلانی ناو دارستانەکان بکەم، چونکە سەرمایەداران دەیانەوێ بەشێک لەدارستانەکەیان ببڕنەوە، دیارە ئەمەش لەگەڵ هەموو گەلێکی ستەم دیدەین، چونکە خەمان هەردەم لەژێر هەڕەشەداین، ئەمە قسەی یەکێک لەوانە بوو لەدانیشتنێکی ئاسایی لەگەڵ هاوڕێ تورک و عەرەبە سووری و ئۆو هیندیە بوو، کە لەچێشتخانەی نزیک کەمپانیایە کاری دەکرد.
-کەس ئەو چیرۆکە دووبارە نەکاتەوە، کاتێک باس لەوە دەکات، شەڕ کۆتایی دێ، دایکێکیش چاوەڕوانی کوڕەکەی دەکات، دایک هەموو کاتێک لەبەر دەرگایە، لەکاتی خۆتنیشدا کاتێک گوڵی لەچرپەیەک دەبە یەکسەر ڕادەپەڕێ، لەو کاتەشدا چاوەڕێی کوڕەکەیەتی، بێکو باوەشی

پیادا بکات، لەخۆشیدا هەڵە هەڵە بگرێ، ئینجا دەنیا بە لەوەی شەڕ کۆتایی هاتووە.
عەرەبە سووریەکە: هەر لەبەر ئەوەی دەمانویست پشت بەخەمان ببەستین، هەرچی باڵەخانە و کارگە هەبوو، لەگەڵ زەویدا یەکسانیان کرد، راستە دەستکەوتی گەندەڵی بوو، کەچی دەکرا، بەئاشتییانە و گفتوگۆی لەژیکیانە، هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکرێ،
کوردە هیندیەکەی چێشتخانە: من پێم سەیرە باس لەوەستانی شەڕ دەکەن، ئێمە و پاکستان زیاتر لە هەفتا ساڵە لەیەکتر جیابوونەوە، بە ئەوەی هەردوو لا بەئاشتییانە بژین، چەندین گفتوگۆ و بڕیار و دانوستاندن و رێککەوتن کراوە، هەردوو لا رازین لەسەری، کەچی تا ئێستا شەڕ لەو نەوەندە نەوەستاوە، هەردوو لا بەئەتەم هەڵەشە لەیەکتر دەکەن، هیندی و پاکستانییەک لەهەر کوێی ئێم جیهانە یەکتر ببینن، چاو لەیەکتر زڕق دەکەنەوە.
-وەک ئەو شیعە و سوونییە وان هەردوکیان ئاوارەی ئێرەن، بەڵام هیچیان ئامادەنین، لەشوێنەکدا لەگەڵ یەکتردا کار بکەن.
سەیر بکە، پێم بڵێ چۆن شەڕ کۆتایی هاتووە، ئەو منداڵە دەبینی، جوانترین جلی پۆشیووە، دایک و باوکی کار بە ئەو دەکەن، سەیری چاوانی بکە، حەسرەتێکی تیادا دەبینی، وا هەست دەکات کارەساتێک بەسەریدا، بۆیە چاو بەهەموو لایەکدا دەگێڕێ، ئەو پێمان دەڵێ : نەخێر شەڕ کۆتایی نەهاتووە.

بەندەینی نالیبانە، لە پەنجەرەشیعەری پۆشەوا کاکەییەوە.. هەردی حوسێن

لای هەموومان ڕوونە، کە نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد کە لە ئیزی هەرە پۆشەوەی شاعیرانی کلاسیک دێت. نالی ئەو قارەمانەی کە بە دەست میللەتێکی بەدبەختی و کێشمەکێشمی نەو خۆو دەیناناند. ئەو بلیمەت و زانایەیە، کە لەبەر بە خاوەنی وەک پشکۆی ئاگر، هەواش هەواش لە کزی دەدات و داخەکەم بەقەد کەلکە شاعیرێکی خاوەن دەوڵەت نەوی نایەت.

بەهام، پەشۆا کاکەیی شاعیر بۆ شیعر و پەخشانشیعرانە (بۆ هەخنە و تۆژینەوە بۆ شیعر)یەدا، دەت و شیعری نالی و ئەدەبەکەی لە جەرگەی سەدەی نۆزدەمەوە بەسەر سەدەکانی دوای خۆشیەوە گەردن کەل دەکات. شاعیر زەر قووە و نالیناسانە لەو هوورداو و فەترە زەمەنییە دەنواەت، کە نالی تیایدا گوزەری کردووە و باوەەک و سوکنایییەک بۆ خوێنەر دەدات کە پەی دەەت سەردەمی نالی و دوایی نالی هەریەک سەردەمە بە ئەمە و گیروگرفتەکانی سەردەمی نالی، خزمی گیروگرفتی ئەو سەردەمەی نالیین و بە شکۆ هەندەک شت گەەراوە.
شاعیر پەنجە لەسەر هەموو ئەو گرفتانە دادەنەت و دەیانهەنتەوە. هەنینەوەیەک لە شەوەی هەمانئاسا کە پەیەتی لە هوورداو و شوێن و کارەکتەر! ئەوەی جەگەی سەرسوومانە ئەوەیە شاعیر بە ئەوەی هیچ هوورداوەک جە بەهەەت و هەرچی گرینگە بە خوێنەر دەت بەیانی دەکات. شاعیر ئەو فەترە زەمەنییەی کە نالی تەدا نییە دووبارە بە لەدوانی نالییانەوە پەی دەکاتەوە و لە دەخەکان دەدوەت. کە ئەمە کارەکی ئەجگار قورسە و ئەگەر هەمانەک بوایە ئەوا قەبارەی پەەتووکەکە چەند هەندە دەبوو، بەهام شاعیر وەک بیهەوەت هەموو یاساییەکی دروستکراو تەک بشکەنەت، دەت و لە هووپەەی شەست لاپەەدا کەی ئەو هوورداوانەمان وەک تەمارکردنەک بە تەمار دەکات.
لەم سەنگەیەوە، زەر جار خوێنەر بیری بۆ ئەوە دەچەت، تە بەهەی شاعیر ئەوەی وەک یادداشتەک نەکردبەت؟ چەند لاپەەیەک هەەدەیتەوە و بیرت بۆ لای شتەکی دیکە دەبات و بە هەخنەیەک یاخود هوورداوەک کە دەشەت لە بیرمان کردبەت دەمان هادەچەەکەنەت! هەر لە سەرەتاشەوە شاعیر ئەم پەەتووکەمان وەک فلیمەکی دیکەمەنتاری نیشان دەدات، کە هەرگیز جاەز نابین لە تەماشاکردنی و بگرە حەزیش ناکەین تەواو بەت! و پە بە پە لەگە خەیمان دەبات. بە مەگەر هاتنەوەی نالی و دروستکردنەوەی بە شیکەی ئیمە لە دیکەمەنتاری ناچەت!
ئەوەی جەگەی تەهامانی زیاترە ئەوەیە کە شاعیر لەم پەخشانشیعرەیدا زەر وریایانە زمان و زمانەوانی و لایەنی هەنووسی بە هەە بەکار دەهەنەت کە لە سەردەمی ئەستاماندا بووە بە شتەکی مەحاە بە نووسەران! خوێنەر گەر بیهەوەت لە هەرووپەەکدا چەندین هەەی زمانەوانی و هەنووسی دەدەزتەوە کە ئەوە نەک لەم پەخشانشیعرەی شاعیردا نییە، بەکوو لە بەرهەمەکانی تریشیدا دەگمەنە!
شاعیر دەت و نالی دەکاتە بیانوویەک بۆ دووانەدن لە بابەتە (کەمەایەتی، سیاسی، کولتووری، ئایینی و زمانەوانی.) دەخی دوای نالی، بە نالی دەخوێنەتەوە و هەخنەیان لەدەگرەت. کە دەەین خوێندنەوەی نالی بۆ نالی ئەوە شتەکی ئاساییە و ئەوپەەی شکەیە بۆ

شاعیر، کە بتوانێک کارەکی وا ئەستەم لە ئەستۆ بگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێ شانازی، هەر وەکوو مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێت: »(برناردشۆ) چەند جوانی فەرموو کە لەیان پرسی (تۆ گەورەتری یا خود شێکسپیر؟) ئەویش لە وەرامدا بەوپەڕی باوەڕبەخۆکردنەوە گوتی: (ئەو لە من کەمێک گەورەتر، بەڵام من لەسەر شانی ئەو ڕاوەستاوم.) ئەدیب و شاعیرێکی کوردیش چەند بەرز دەبێتەوە کە لە سەر شانی (نالی)ـی ئەدیب و شاعیرێکی کوردیش چەند بەرز دەبێتەوە کە لەسەر شانی نالی و ئاوەڕۆکانیەوە گەشتی بەرەو ژوور دەست پێ بکات.« شاعیر بەر لە هەرشتێک بە شادەڕۆکی نالی دەست پێدەکات و دەڵێت:

[لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سەزی هیجرەتە
دە هەنگێ بە بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور!]

شاعیر چەند وەستایانە ئەو شادەڕۆی هەبژاردووە، چونکە نالی هەرچی تاڵی و سوڕییە لەو شادەڕۆدا کەی کردەتەوە و داوا دەکات دەی ببێتە ئاو و بە چاوانیدا بێتە خوارەوە و بێتەوە بە نیشتمان! شاعیر هەر دەڵێی گوڵی بە ترپەی دڵی ئەم دەڵێی نالییەوە ئادەراوە و نالی دەهێنێتەوە بە نیشتمان، بەڵام چ نیشتمانێک! ئەوەتا شاعیر دەستی نالی دەگرێت و دەڵێت:

نالییش گەر بێتەوە،
جارێکی دی نایێت:
(چاوی من دەم دەم دەژێ ئاوی ساف و خوێنی گەش،)
بە بە گوەدرێژکەی ڕێ تەی دەکات
تا هەموو دنیا بزانێت
دەریای ئێژە دوو و مەرجانی نییە،
ئیدی خەی پێدا دەکات
لە داخی گرد و دەڕ و سەری ڕەش!

شاعیر هەر زوو نالی نائومێد دەکات و پەی دەڵێت گەر ئەم جارە و چەند جارێکی دیکەش بێتەوە هەمان هەڵوەست دەنوێنی و ڕێ تەی دەکەیەوە، چونکە ئەستا گەمەکە بەگەنتر بووە و ناتوانی دان بە خۆتدا بگری و نەڵێی. شاعیر وەک ئەوەی بیهەوێت بە ئەمە و نالی بڵێت هەشتا ماوە و وەرن ببینن ئەوانە هەموو ڕۆژێک لە ژیانمان ڕوودەدەن و خەریکە ببن بە ڕووداوی ئاسایی و لە سادەی نەزدەمەوە تا کابینەی ئەستا بەردەوام و بەردەنکانیش وەک هەمەی سەر دەریاچەکان ون دەبن و دەچن بە ئاسماندا.

هەموو ڕۆژێک خوێنمان دەڕژە،
تیغ لە گەردنمان سواوە

ناچین دەستمان دامەنتە،
چەند دەیەکە نابینە، هەنگە بوا تا سەد کابینە

شاعیر هەر بۆ هەخنانە ناوەستێت، کە نووسەران زیاتر سیاسیەکان دەکەنە ئارمانج، بەکوو شاعیر بەداخیشە لەو شاعیر و بوژانەی کە بوونە پارێزگارێک بۆ سیاسیەکان و بۆ مووچە ناچە نابیانە و بەرگری لە ستەمکاران دەکەن. هەر ئەوەش پاڵی بە شاعیرەوە ناوە و بڵێ:

ورگت، دەفتەرەکی شڵ
ئەلفبێی کراسەکت هەڵوەریون.
گوچکەت کەروەشکیە و
گاڵتەت بە گوەدرێژ دێ.
بگەڕەوە نالی!
ناچک بکەشە بۆ خەیاڵی شاعیراندا!
چەن داغەیان چەقیوە و
نابینی مووچەی حیزبییانە!
با هەموو کەس بزانێ خۆ شاعیری ئەم سەدەیە
لە (ئاراس) و (سەردەم)ـەوە،
لە (یەکیەتیی دووسەران)ـەوە،
لە (پاراستن) و (زانیاری)ـیەوە،
قەڵەم و کاغەزیان وەکوو کووتاڵ سەودا پێ دەکەن!
هەر لەبەر ئەوەشە ڕقیان لەمە،
چەن لە هەخنەمدا شیعرم چەکوشکاریی خۆی دەکا!

شاعیر ئەم گەاندنەوەی نالی بە دەرفەت دەزانێت و دەیهەوێت بە نالی و ئەمەش بڵێت، نالی و خانەقاکان چیان بەسەر هاتووە و مەلاکانی ئەم سەردەمەش بەبەش نین و پشکی شەریان بەردەکەوێت لەو کاولستانەی خوەقاوە؛ چونکە مەلاکان کاریگەرییەکی ئاستوخیان هەیە، بە پێی ئەوەی زەرینەی خەڵقی کوردستان موسەمانن. شاعیر بە شارەزاییەکی زەر زمانەوانیانەوە لەو بارەوە دەدوێت و دەڵێ:

ناگەمەوە تاریکەدوا، دووا
چاوم بە کەلەم کەوت و کەللەم دا لە سەرکەلەمی
لە ترسان، لێی بەر بوو، دەستنوژی شکا مەلا؛
کە هەڵەشەی مووچەبینی لە کرا!
نالی هاتەوە نەو شیعر و
گوەدرێژیش چاوی بە هەرمەلایەک کەوتایە،
جووتەیەکی لە دەدا!

لەردا گوەدرێژیش وەک کارەکتەرێکی سەرەکی لە دەگەڵت و بگرە زیاتریش، چونکە ئەو گوەدرێژکەی نالیە جووتە لەوانە دەدات کە شاعیر وایان دەبینێت پشکیان هەیە، بەرپرسیارن لە پەخلیسکانی خەڵکی و هاوکاری (حوکوومەت)ـن. بەیە شاعیر نایشارێتەوە، کە ئەو هەر حیزبەکان نین، کە خەڵکی دەووتننەوە و لەیان هەیە لە چەقبەستوویی وەاتەکەمان. بەیە شاعیر دەڵێ:

هەر داری سەوز و زەرد نیە
دەی خەڵفاوەک، دەکەنە مەمدان و
چاوی گەنجەکی بیرنەکەرەوە دەکەنە گەپ و
ێیش خەڵمەشەکی ئیخوانی،
بەدەنگ بە لە ئازاری منداڵەکی ئەزیدی و
دار پرتەقاڵەکیش لەگەڵ خەیدا دادپەروەر نەبە؛
چی گەڵاوە نالی؟
هەچە لە گوەدرێژکەت بکە و بڵێ!

هەر چەندی کەشکان، زەربەن، بەڵام نابەت مرە ئەوە بکاتە بیانوویەک و ووە لە هەندەک باس نەکاتەوە بەتایبەت زمان، چونکە زمان سەرچاوەی بوونی نەتەوەیە و پەیستە هەموو نەتەوەیەک شانازی بە زمان و هەچەکی خەیوە بکات، بەتایبەت ئەمەی کوردزمان… بەیە شاعیر زمان فەرامەش ناکات و شانازی دەکات بەو زمانەی پەی دەنووسێت و دەڵێ:

کاتەک لە گەردوون ادەمنم
ئەستێرە بەت یان کاکشان،
هەسارە بەت یان کونە ڕەشکان،
بە کوردی، جوانتر شیعرم بنکەڵەی دەکات.
با خەی دەخشەنەت لە هەوای زمانم و
وشەم هەڵدەپاچێت،
بە هەگوە شیعرم هەڵدەکەنێت
یان قەدی دەشکەنێتەوە،
ئەگەر ئەم خاکە لە زمانمدا نەسوێت،
دەیسووم.

شاعیر نەک هەر شانازی دەکات بە زمانی کوردییەوە، بەڵکوو ئاانگاری ئەوەش دەکات کە زمانی کوردی ئەو زمانەیە، کە دەتوانێت نەک لە شتە زەمینییەکان بەڵکوو لەو شتانەش بدوێت و قسەی پە بکرێت کە ئاسمانین و پەیوەندیەکی پتەویان بە زانست و فەلسەفەوە هەیە. شاعیر هەر بەوە ناوەستێت، بەڵکوو زیاتریش دەڕوات و تا ئەوپەڕی

سنوورەکانی خۆشەویستی و هەست دەربەین بە زمانەکەمان دەڵێ:
نامەوێت دەستت لە هەڵبگرم ئەی نیشتمان!
هەرچی خوێنە دەیدەم، بە زوبانە، وەڵە بە فیێە دەڕوش!

شاعیر بەردەوام دەبێت لە پەیامەکەی و ئەمجارەیان دەت نالی و خوێنەران دەباتە وەستگەیەکی دیکە و پەمان دەڵێت ببینن گیردەی چین؟ نالی وەرە ببینە لە چ دەخەکداین؟ نالی وەرە و ببینە خەت گوتەنی (مەی بە نەژە شووشە لە سەد لاوە شکاوە.) وەرە و ببینە هەموو ئازاری بەدەنمان دەناڵێت بە دەست سیاسییەکانەوە هەر لە کەوەوە هەتاوەکوو ئەمڕۆ. شاعیر ئەو پەیامە لە هەگبەی شیعرەوە بەمان بەیان دەکات و دەڵێ:

لەدوای کەوەوە
هەڵدەم، لە دەست دەنگی فیشەکی جەلالی و مەلایی
هەڵدەم، لە دەست دەنگی بەڵەغازی بەتاڵ
بە تاڵ، تاڵیی ڕۆژگار دەژمێرم.
هەڵدەم، لە دەست تەقەتەقی بەرمیلی بەتاڵی نەوت و
هەڵدانەوەی جەزەی کارەبا و
دەنگی نووساوی ئاو و
هەڵگرتنەوەی مووی سپیی سەرم لە زیندان.
هەڵدەم، لە دەست سەدان تاوانی ئەم بنەماڵانە،
لەم سەرماوسۆڵەدا ڕەقیش ببمەوە،
ناتوەمەوە.
وەک پەیکەرەک لەنەو بەفردا
مەژوویەکی نوێم لە دەتاشرێ.
ئەوەتا هەموو دنیا دە بە تەماشام
کە کەچم نەکردووە و هەڵاتووم،
دەزانن بە شەشکی نوێ هەڵدەم.

شاعیر هەر وەکوو لەو سەرنجەی کە خەی بەر لە دەستپەک ئاماژەی پەدەکات و دەڵێت: ئەم شیعرانە بە شێوەیەکی ڕیالیزمانە نووسراون. بەیە بە شرۆڤەکردن لەوێە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو پەیامە بگەیەنن کە شاعیر ئارمانجیەتی. دەشگونجێت شاعیر هەڵبژاردنی ئەم ڕەبازەی ڕەک بە ئەوە بووبێت، پەیامی شیعریەکانی ئاسانتر بگات، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو دەخەی تەیداین لای شاعیر دەخەکە پەویست دەکات زمانی شیعری ئاسان و قووڵ بێت. ئەویش بەو ئارمانجەی خەکی ئاسانتر دەخەکەیان بە هەزم بکرێت یاخود ئاسانتر لە دەخەکە بگەن لە هەگبەی شیعرەوە.

شاعیر دێووت پەمان بێت هەموو ئەو هەوداوە دروستکراو و خوقاوانە لەکەوتەی زەر خراپیان هەبووە و کارکیان کردووتە سەر مرۆی ئەمە کە بەدگمەن یەکەک دەبینی ئاوات بە هابردوو نەخوازێت و نەفرین لە ئەمێ نەکات. بەدگمەن مرۆی ئەمە دەبینی لە ناخەوە پێبکەنێت. بۆیە لە چەوەی شیعرەکەوە دەڵێ:

کەمێناسەکم دەوێت، خەندەم بە شی بکاتەوە.
یان پزیشکەک لە زار ورد بێتەوە،
بزانێت کەسەک لە دڵەوە دەکەوێتە قاقا.

شاعیر دێووت، ئەم گڕاندنەوەی نالی بە دەرفەت بزانێت و بەر لەو سفرە درێژخایەنە پێی بڵێت نالی ئەوە هەر تە نیت کە وەاتت تێ کردووە و چوویت بە وەاتی غەریبیان، وەرە و بنواڵێ گەنجان چەن لە دەست جەور و ستەم پەل پەل لە وەات هەڵدەن و هادەکەن. شاعیر دێت و نیوەدڵێکی نالی تەکەڵ بە ناخی خێی و داکەوت (واقیع)ـی ئەمێ دەکات و دەڵێ:

لە دەست ستەمکاران
وەات چڵوهێ بووە قوربان!
حوجرە بووەتە زانستگە،
هیی مەلا نییە،
هیی مامەستایش نییە،
بینای کوانی هەرزەکاری کەاوسوور و هاوچییە،
بینایی نییە، لێیان مەگرە!
زانستگەر هەم یاخی و هەم شەڕشگێ و
هەمیش دینارکیان پە نییە.
نالی! ئەم کەفوکۆڵە چەن دادەمرکە؟
کە دەڵوانمە مانگ،
گەدەی بەتاەم مانگا تێیدا دەبڕنە!

شاعیر لە پێخنەگرتن بەردەوام دەبێت و پەیتا پەیتا سفرەکەی نالییش بۆرەو کەتایی دێووات؛ بەڵام شاعیر دێت بەر لە کەتایی چەند وێنەیەکی دیکەمان نیشان دەدات و دەڵێ:
نالی! هەرلەخەکی ئەم درەختە هاوشێنیت، قیژەی سەدان کچی سەربەاوی لەوە دێت، سەدان هەژنامەنووسی بەسەروشوێنت پە دەڵێت، کاوەی ئاسنگەر لە کوە و کاوە گەرمیانی لە کوە! میرنیشنی سەران لە کوە و سەرانی مامە حەمە لە کوە! هەرلەخەک هاوشێنیت، هاواری سەدان پەککەوتەی لەوە دێت، کە گەچانەکی لە ساز کردووە و ئاخوداخی ئەم

تانکاریی کوردایەتیی حیزبی بە باس دەکات کە چلەن دەی شەق بردووە.

شاعیر بە درێژایی پەتووکەکە زۆر ئیش لەسەر چیەتی بابەتەکان دەکات و دیاردەیەت بە فەتریەکی زۆرکەم زۆرترین ئاو ەوداوانە بە ئەمە بگەیەنێت کە ەوییان داوە. ئەمەش ژارەکی ئاوەندە سانا نییە، چونکە پاویستی بە سەلیقەیەکی زۆر هەیە. لە هەمان لاپەڕادا، چەند باسێک بە یەکاوە گرێ دادات و دەڵێ:
شەقی بردووە، پەمە نا، دەی منداڵ.
لە گیرفانی هەموانی بیاوە،
دز نا، ئەم دووکاندارە سیاسییانە.

شاعیر ەوداوەکان وەک زەنگیانە بە نێو شیعری خیاوە دەکات و هەرچی ەوداوە بە جوانی بەمان دەهەنتاوە. ئەمانەی نووسیمانن چەند نموونەیەکن لە کەی پەتووکەکە. لەبەر ئاوەی ەوداوەکان پاشاخانەکی مەژووییان هەیە و گرێدراوی یەکترن، ئەمە هەموومان نەنووسیون، هەکارەکی دیکەش ئاوە بوو کە خوێنەر خەی بتوانێت گوزارەک بەنێو پەتووکەکەدا بکات و بە چاوی خەی ببینێت چەن لە پەتووکەکی قەبارە بچووکدا، ئەمما گورە بە نەوارەک توانراوە ئاو هەموو خەم و پەژارەیە بکرێتە پیاڵەی ئەم پەتووکەوە. ئەگەر شیعر نەبوایە پەم وانییە بە ەمانەکی چەند سەت لاپەڕەیش تاواو ببوایە! شاعیر لەوانەش گرینگتر کە کردبێتی ئاویە نالی هەناوتاوە هەم نێو شیعر و هەمیش مەژوو، کە ئاوە کارەکی ئاسان نییە. نابەت ئاوەشمان لە بیر بچێت شاعیر شیعری نالی ئاوەزانی شیعری خەی و هەستی خەی و ەوداوەکانی سەدەی بیستویەک کردووە، کە ئەمە کارە قورسەکەیە، چونکە شیعرەک سەدەی نەزدە نووسرابێت دوای دوو سەدە هەمان شیعر درێژەی پەبدرێت کارەکی نەکردەیە، بەڵام نابەت ئاوەشمان بیر بچێت کە شاعیر هەر لە هەبژاردنی دەڵێشیعرەکانەوە دەزانرێت چ نالیناسەکی گورەیە! شاعیر بەو چەند دەڵێ ئەمە و سەفەری نالی بە کەتایی دەگەیەنێت و دەڵێ:
لەم بیبابانی نیشتمانەدا، مەرگ هەموو کات منداڵەکی ترسلێنیشتووە، تا گورە دەبێت، چ تەز و خەڵکی بیابان هەیە لە چاویدا هەڵدەگەڕفێت.

ئەو سەرک ئەستوورە بە نوێژان ناکات.. شەماڵ بارەوانی

بەگومان مرۆڤ تا زیاتر بخوێنێتەوە، تازیاتر ئاشنای فیکر و فەلسەفەو کولتوور ودیدی جیاواز بێت، تازیاتر بیربکاتەوەو بڕاوردی نەوانی ئایینەکان بکات، زیاتر ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان و تونێلی تەوانینی وەاتر دەبێت و لەزڕ شت تێدەگات. هەندکانی ژیانی پڕشووی خۆی بە دڕدەکەوێت و دەست بڕداری دەگمی مەزهەب و ئۆقیدەی ئەها گڕایی و دەیان تێگەیشتنی پڕشووتری دەبێت. ئینجا لەسەنگەی مرۆڤ دەستی و فەلسەفەی ئێژیەوە لێشتەکان دەوانێت. تێدەگات کە پڕشووتر ئەو لەچاڵکی چەندە تەسک و داخراودا ژیاوە. دنیا زڕر لەو چاڵەی هزر و تونێڵەی بیر و باوەڕ و ئیشکەوتکەی ەوانینی ئەو فراوانتر و مەزنترە. ئیتر دەست دەکات بە پێداچوونەوە و ئەبەدیێتکردنەوەی ئەو دیدەنیگایەی پڕشووتر کە بەبۆغە ئاسا، لەسەری تەقین درابوو. من هەندێک وەستگەی ژیان و قەناغی فیکری خەمم بیردەکەوێتەوە، هەر بەڕاستی شەرم دامدەگرێت و هەست بەخەجاڵەتیەکی بە ئەندازەو تەریق بوونەوەیەکی زڕر دەکەم. لەخەم دەپرسم هەربەڕاستی من وابووم؟!

دواتر خەم وەامی خەمەوەو دەڕەم دەی خەمن ئەو کات لەقەناغی هەرزەیی تەمەن و غەیبووبەی فیکری دابووم.

بیرم دێت. لەڕابردووو و قەناغی ژیانی خوێندنی ئایینی و فەقیاتیمدا، چەندە کەسێکی وشک باوەڕ و مەزهەبی و ئایدیەلۆژیست بووم. چەندە کەسێکی فەندەمێنتالیست و چەق بەستوو ناحاڵی بووم، سەبارەت بە یەکسانی جێندەری و ئازادیکانی تاک و فرەیی و یەکترقبوڵ کردن و دەیان کۆنسێپتی تر، ەوانینکی چەندە نگەتیڤی و خراپم هەبوو. چەندە هەڕەو نزم و سوک لەچەمکی لەمرۆڤ بوونم دەوانی. چەندە سوک سەرنجی ڕەگەزی ژنم دەدا. چەندە نائاژڕە دەست و نامرۆڤ دەست و دەمارگیر و ڕاسیزم بووم. چەندە کوڕانە شۆن کەمەڕەک دەگم و تێگەیشتن کەوتبووم. چەندە ڕقم لە ئێزدی، کاکەیی، جو، مەسیحی و هەموو ئایینەکانی تر و ئاڕاستەکانی تری درەوی بازنەی بیر و باوەڕ و قەناعەتەکەی خەم دەبووێو. ئای خودایە چەندە هەڕە حاڵی کرابووین و تێگەیێندرابووین! لەو سەنگەیەوە دەمەوە نموونەیەکی ئەو قەناغەی ژیانم بە خوێنڕانی ئازیز باس بکەم. بەحوکمی ئەوەی فەقێ بووین و زڕجار مەلاکان لەجێگای خەیان دەیاننارد بنە ژن (مارکردنێ).

ژنێک چوونە ژن مارکردنەوە لای بەحرکۆ ئاو ناوە، زاوا هات، ئامادەش بەشێک لەو مەلا بانگەزانەی لایان دەمانخوێندووە وایان تێگەیاندبووین، هەر کەسێک نوێژی نەکرد، کە بەهیچ شێوەیەک وەک موستەحەب عەشایرەکە دەڵێت(ژنی لە مارنەبین)، چونکو دروست نییە و ئەمە شافعی مەزهەبین و بەپێی مەزهەبی شافعیش نوێژنەکەر فاسقە و نابێ ژنی لە مارەبکرێت. مەلایەکیش لەیەکێک لەمزگەوتەکان، زۆر جار کە پشتوور دەگەشتەمە وتارێکی تایبەتی هەینی، زۆر بەخراپی و نزمی هەرشی دەکردە سەر نوێژنەکەر و دەیگوت: ئاگەر بەکەسانێکی تریسک داهاتیت و لە ئاراستەی بەرامبەریشت سەگێک و نوێژنەکەرێک لەو کاتانەدا بوون، خێت بدە لای سەگەکە، نەک نوێژ نەکەرەکە. بۆیە تابڵێیت هەوانێکی نەگەتیف و نزمم لەهەمبەر مرۆڤی نوێژنەکەر هەبوو، بابێنەوە سەر بەسەرهاتەکەو سەرتان نێیشێنم، ئەمنیش بە زاوام گوت نوێژ دەکەیت کوڕە؟ مامۆحاجێکی بەتەمەن لەوێ بوو، نازانم چی کوڕەکە بوو، یەکسەر لەجیاتی ئاو وەامی دایەوەو گوتی: وەا کاک مەلا ئاوەی هاستی بیت ئاو سەرک ئەستوورە نوێژان ناکات. من ئاوکات ئایینم زۆر بەتوندی و حەماسییەوە گرتبوو. بەینی خۆشمان بێت ، ئیسلامی و هاوسۆز و لایەنگری بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینیش بووم. ئیتر کەئەمم لەو مامە جاجێ بیست و زانیم کوڕەکە نوێژ ناکات، تووڕەیی هەموو بوونی داگرتم و پێم گوت: کاکە ئاتو شەرم لەخۆت ناکەیت نوێژان ناکەیت؟ کو دەبی ئومەتی موحەمەدی نوێژی نەکات؟ ئەستا بەمن ناڵێیت جیاوازی توو جولەکەیەک چییە؟ هەرگیز ئاو ژنێت لە مارناکەم ئاگەر بشفڕی، چونکە بەپێی مەزهەب و ئایین تە فاسقی، سەرتان نێیشێنم هەستام بڕۆم. هەموو دەوریان دام، کوڕە دانیشە مامۆستا مەکردمان و تو مەکە حەیامان دەچیت لەناو خەڵکی بەو خوایەی، ئە گەتم کاکە دەبینن ئاوە نوێژی ناکات من کو ژنی لە مارەبکەم؟! من و ئیمامی شافعی زۆر خاتریشمان گرتبێ، گەرنا لای هەندێک مەلاو مەزهەب هەر کافریشە، دواتر گوتیان کاکە بەخودای وەعد دەدات دەست بەنوێژان بکات، گەتم نا باوڕەم بە وەعدی نوێژ نەکەری نییە، دەبی ئیلا سوێندی بخوات، زاوای فەقیر لەشەرم و خەجاڵەتیان حەوت ڕەنگی گۆڕی و تەنک تەنک ئارەقەی شەرم لەسەر نەوچەوانی دەکاوتنەخوارەوەو ناچار سوێندی خوارد و گوتی بەو خوایەی ئیتر دەست دەکەم بەنوێژان، ئینجا لێم مارەبی.
ئەستاش کە ئاوەم بیردەکەوتەوە، لەلایەک دەدەمە قاقاو تەر تەر بە ئاقڵیەت و بیرکردنەوەی ئاوسام پێدەکەنم و لەلایەکی تریش تاریق دەبمەوە و لەخەم دەپرسم باشە من بەوام کرد. هەر بڕۆاستی من هەندە مەزهەبی و بیر تەسک و ئاسە داخراو بووم؟!

مەرگ، دەستی.. جەلال ءەبدوڵا ساڵح

چیت؟ لەم دەوڵەت:

- وشەی خۆمان
گەرانی مەل
دەی ژن
دەستی منن
نەک جەنگ!

لەناو ئاو دا!
تەرم بەگەن ناکا
وەرێ پەکەوە
بچین بۆ ماسی دەریا
ترسم! لەو پیاوەیە
تفەنگی پێ یە!

لە کۆتانەکانی ژیان
دەنگی شۆڕ دێت.
سەنگەرەکان دوورن؛
ژەهر (با) ئاو دەنێت
دووری نەوانمان
هەندەی درێژی تابووتەکە
من ئابووقەم
تە ئاگات لە خەت بێت!

چەند جوانییت!
چی؟ بوو ناوت!

ببور!
شەی سەگ کانی ئەو دوو ئاوچیە
لەسەر لەزەتی چەند ئەسقانێک
لە بیری بردمەوە!

دان م ئەدەکەم
بە کەترکان!
کچ کەم ژان دەیگرێت
بەر لەوەی شەو کۆتایی بێت

پەستاەکانی بە داکەند
پە بوون لە خوێن.
بە هاوکەی وت:

- جوانی مەرگ لەوەدایە
  ئیتر شەو نابینم

لە دوایی جەنگ
چەم چوو بە ماڵی باخ؛
پیی وت:

- بانت خۆشە،
  شەوێت جوانە.
  چەن ماویت!
  ئەو هەموو فیشەکیان
  پیوناویت!

چیرۆک بۆ منداڵان.. بیربکەرەوە پێش ئەوەی بڕیاربدەیت.. و. ڕزا شوان

پزیشکەکە زۆر بە خەرایی هاتە ناو نەخۆشخانەکەوە، بە ئەوەی نەشتەرگەری بە منداڵێک بکات. بە پەلە چووە ناو ژووری جل گۆڕین و جلەکی سەوزی پێشی و یەکسەر بە خەرایی چوو بۆ بەشی نەشتەرگەری. لە هۆڵەکەدا باوکی منداڵەکەی بینی کە چاوەڕێی دەکرد.

باوکی منداڵەکە بە تووڕەییەوە: بۆ ئەم هەموو کاتەت پێچوو؟ بۆ نازانی ژیانی منداڵەکەم لە مەترسی دایە؟

پزیشکەکە بە زەردەخەنەوە: ببووڕە، لە ناو نەخۆشخانەکەدا نەبووم. کە پەرستیارەکە بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم، بە ئەوپەڕی خەراییەوە هاتم. هیوادارم هەوربیتەوە. تا بتوانین بە ئەرک و کاری خەمان هەڵبستین.

باوکی منداڵەکە: هەورببم! گەر منداڵەکەی تۆ لەم ژوورەدا بمێت ئایا هەوردەبیتەوە؟ گەر منداڵەکەی تۆ لە چاوەڕوانی پزیشکدا بمێت و بمرێت چی دەکەیت؟

پزیشکەکە دیسان بە زەردەخەنەوە: ئەمە ئەوپەڕی توانامان بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی منداڵەکەت چاک ببێتەوە.

دوایی پزیشکەکە چووە ژووری نەشتەرگەرییەوە، لە دوای دوو کاتژمێر هاتە دەرەوە.

پزیشکەکە بە زەردەخەنەوە: سوپاس بۆ یەزدان، نەشتەرگەرییەکی سەرکەووتووم بە منداڵەکەت ئەنجامدا. ئێستا تەندروستی زۆر باشە. گەر هەر پرسیارێکت هەیە لەم خانمە پەرستیارەی بکە وەڵامت دەداتەوە.

دوایی پزیشکەکە زۆر بە خەرایی لە نەخۆشخانەکە چووە دەرەوە و ڕێیشت.

باوکی منداڵەکە بە پەرستیارەکەی وت: ئەم پزیشکە بە هەندە لووت بەرز و لەخۆبایی؟ بە نایدەتوانی بە ماوەی چەند خولەکێک لەگەڵمدا ڕابوەستێت، تا دەربارەی نەشتەرگەرییەکە و دەخی منداڵەکەم چەند پرسیارێکی لێبکەم؟

خانمە پەرستیارەکە دەپ دەپ فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتنە

خوارەوە: نا وانیە. پزیشکەکی زۆر دڵسۆز و خاکی و ڕووخۆشە. ئەم بۆیانییە، منداڵەکەی بۆ کارەساتی ئۆتۆمبێل شڵان گیانی لەدەست دا. کە بۆ تەلەفۆن پەیوەندیم پێوە کرد، خەریکی ناشتنی منداڵەکەی بوون. کە ناشتیان، یەکسەر بۆ ئۆپەڕەی خەرایپەوە هات، بۆ ئۆوەی نەشتەرگەری بۆ منداڵەکەی تۆ بکات و لە مردن ڕزگاری بکات. بۆیش
بۆ پێڵە ڕێیی، بۆ ئۆوەی لە پرسەی ماتەمینی جگەرگۆشەکەیدا ئامادەبێت.
باوکی منداڵەکە، زۆر خەمبار بوو، زۆریش پەشیمان بۆوە لەو قسە ڕەقانەی کە لە ڕووی پزیشکەکەدا کردی. چوو بۆ پرسەکەی و سەرخۆشی لە پزیشکەکە کرد و زۆر داوای لێبوردنیشی لێکرد.

(*) ئەم چیرۆکەم لە ئینگلیزییەوە وەرمگێڕاوە بۆ کوردی. ناوی نووسەریشی بۆ سەرنەوە نییە. (Think befor you judge)

سەیرە ئۆگەر.. نەوزاد بەندی

سەیرە ئۆگەر
جەنگیش نەبێ و
زەربەی هاووڵاتیانیش بریندار بن ..
فڕۆکەی سیخۆ و ئەف شانزە
بۆردومانیان نەکرد بێ و
کەچی بە هەرچی بڵوانی ،
وێران بوو بێ و ..
شارەکان وەک شۆنەوار بن ..
شۆقام و پڕۆژەکانی هێتەکی بن ..
قەرزیش تا بینە قاقا بێ و
دانەویان ئۆوڵەویەت و سەرەکی بن ؟

من تێناگەم ،
چۆن چۆنی بێ بێ هیچ کەین ، قەرزی زۆریش کڕێکە بێ ؟
ئەمە قومارە ..
یان سیحرە ..؟

یان وەک شتێ ،
دزی و فڕ و تەڵەکەی بۆ ..

بۆ بۆ فیشەک ،
چۆن خەڵکی خوێنیان لێ ئاڵتکێ ؟

چۆن ڕۆژ بۆ ڕۆژ
هیوا و دڵ و خۆنی خەڵکی
زیاتر ئاشکێ ؟

ـــن . بۆندی ـــــــــــــــــــــــــــــــ